

# نهێنیەکانی خۆشبەختی و رازەکانیسەرکەوتن لەژیان

هێڤار _ خالید قادر

رانیە

بەشی سێیەم

hevar_1@yahoo.com

چینیەکان دەڵێن : ئەوەی گوڵمان بە دیاری بۆ بێنێت بۆنی گوڵ لە دەستەکانی دێت .

کاتێک مرۆڤ خۆشبەخت دەبێت و روحی پر دەبێت لە کامەرانی ، کە هەمیشە بۆنی گول لە دەستەکانی بێت ، بەو واتایە کە ژیان لەبەرژەوەندیەکی تەسکدا نەبینیێت و هەمیشە لە ئاسۆیەکی گەشەوە بروانێت .

بردناشۆ دەلێت : خۆشیەکان لەو کاتەوە دەست پێدەکەن کە بزانن لە ژیاندا بۆ چ ئامانجێک هەوڵ دەدەن .

خۆشبەختی لە رەهەندەکانی جوانیەوە دێت ، جوانیش لێوان لێوە لە نەمری و پراو پرە لە زیندویەتی و روحی ژیان ، ئەو ساتانەی کە تێدا بۆنی گوڵ لە دەستەکانمان دێت ، دەتوانین گۆرانی لەگەڵ خەمەکانمانا بلێن ، دەتوانین لە نهێنیەکانی تەمەنمان تێبگەین ، ئەو تەمەنەی کە لە رەورەوەی خۆی ناوەستێت و وورده وورده جێمان دێلێت ، چرکە ساتەکانی بە خێرایی دەرۆن و تێدەپەرن ، بەڵام لە هەموو کاتێکی ئەو تەمەنەدا دەتوانین خەرمانێک لە عەشق و ئاسوودەیی بنیات بنێن . ئاسودەیی نە لە پارە و پول ، نە لە کۆشک و تەلار، نە لە حەوت تەبەقەکانی ئاسمانە ، بەڵکو نهێنیەکانی خۆشبەختی و زەمینەکانی شادمانی ، لە دەروونی خۆمان دایە و پەیوەستە بە رەفتار و ویژدانی کارکردنمان .

( سینۆهە پزیشکی تایبەتی فیرعەون ) رۆمانی میکاڤاڵتاری ، لە دیمەنێک کە لەگەڵ مەریتی خۆشەویستی دایە بە کاتژمێرە ئاویەکەی بەرامبەری دەلێت :ئەی کاتژمێری دڵرەق لە چرکەکانی خۆت بوەستە و لێگەرێ ئەم ساتە جوانانەم بە زیندوو بمێنێتەوە .

بۆ ئەوەی ساتەکانی تەمەن زیندوو بمێننەوە ، دەبێت لەو راستیە تێبگەین کە هەموو ئەو کاتانەی ویژدانمان تێیدا ئاسودەیە ، بە خۆشی و ناخۆشیەکانمان ، لە یادەوەری و رۆژمێری تەمەنمانا

به جوانی دەمێننەوە ، وە کاتێک خۆشەویستی دەبیتە پرۆسەیەکی ژیان و لە کردا رو رەفتارەکـانی ڕۆژانە رەنگ دەداتەوە ، ئیتر ژیـان وەک خەنـدەی سـەر لێـوی منالێـک جـوان دەبێـت ، وەک باوەشی پڕ لە عشقی دوو دڵدار شیرین دەبێت ، وەک پارچەیەک مۆسیقای مۆنامۆ پر دەبێت لە ئەفسوون ،ئیتر ژیان لە دەرەوەی رق و کینە و تاریکیدا ، پر دەبێت لە رووناکی .

چارلز ئیلیۆت دەلێت :

باشترین رێگا بۆ دابین کردنی کامەرانی داهاتوو ، ئەوەیە کە ئـەمرۆ چـەند دەتوانیـت دڵ خـۆش بیت

راستە هەموو کات و ساتەکانی ژیانمان ، بمانەوێ یان نـەماێت جێمـان دێڵـن ، راسـتە هـەموو تەمەنمان وەک خەونێکی کورت ، وەک خەیالێکی جوان ، وەک شنە بایەکی نەرم دیتەوە بـەر چـاو . دواجار وەک سیدۆری لە داستانی گلگامێشدا دەلێت : ژیان وەک شنە بایەک بوونی هەیە . .

بۆیە لەم ژیانە گرنگ نیە تەمەنمان چەندە و چەند دەژین و کـەی دەمـرین ، بـە تـای ئـەوەی گرنگە ساتەکانی تەمەنمان خۆش بوێت ، لەگەڵیا هەڵبکەین و ، هەمیشە وەک عاشقێکی مەست باوەشـی پیـا بکـەین و ماچـی بکـەین .چـونکە ژیـان بـە هـەموو شـێوەکانیەوە جوانـە ، جـوانی و خۆشەویستی و ژیاندۆستی ، بەردەوام روحمان تێراو دەکات و وا دەکات چێژ لە ژیانمان ببینین .

شەوان کە تاریک دادێت ئەستێرەکان دەگەشێنەوە ، ئەو دەمانەی کە هەور و تـەم ئاسمـانی شین دەگرێت ، ژیان خۆی گرمۆڵە دەکاتە ناو هێلانەی چـۆلەکەیەکەوە ، کـە دەرگاکـان داخـران پەنجـەرەکانی روح دەکرێنـەوە ، دواجـاریش وەک چـۆن باڵنـدەکان دەتـوانن بفـرن بـۆ ئاسمـان مرۆڤیش دەتوانیت لە هەموو کات و ساتێکی تەمەنیدا وەک باڵندەیک بژیت .

چەمکی باڵندە ، بوون بەو واتایەی کە ژیان هەر بریتی نیە لەو کێشە و گرفت و خەمانەی ، کە لـە ژیانی رۆژانەمان دەیبینین ، دەشێت لە دەرەوەی ئەو چوار چێوەی کە لە ژیانی خۆماندا دەیبیـنین ، ئاسۆی ترو ، جوانی تر و ، رووداو گەلێکی تر هەبێت ، کە مرۆڤ دەتوانێت پـەی پـێ ببـات و بۆنی بکات و گۆرانی لە گەڵدا بڵێت .

ئەو کاتانەی کە فرمێسکی بێ ئومێدی دێتە چاومانەوە ، ژیان لە خۆمـان تاریـک دەکـەین ، هـەر لەو ساتانەدا ، دەتوانین نهێنیەکانی خۆشبەختی بدۆزینەوە و جوان پێبکەنین ، چونکە وەک

( هاری امرسۆن ) دەلێت : شادی سەرەنجامی ئاسنکاری نیە بـەڵکو سـەرکەوتن و زاڵبونـە بەسـەر دژواریدا .

هەموو دژواریەکان کۆتاییـان دێـت ، کاتێـک مـرۆڤ بـە دیـدێکی کـراوەوە لـە ژیـان بروانێـت دەتوانێت پەی بە خەزانبارینی گەڵای دارێک بەرێت کە لە نیـوان هـەڵوەرین و سـەما و مۆسـیقادا پێمان دەڵێت ژیان جوانترە لەوەی لە جوغزێکی تاریکدا لێبروانیت .

کۆنفۆشیۆس دەڵێت :

مرۆڤی گەورە گوشار دەخاتە سەر خۆی مرۆڤی بچوک بۆ سەر دەورووبەری .

بۆ ئەوەی خۆشبەختی بدۆزینەوە پێویستە گوشار بخەینە سەر ئەو ئەنگیزە و حەزانەی و کـە زۆر جار بەهای مرۆڤایەتیمان کەم دەکەنەوە ، لە راستیدا رووداوەکانی ژیان گەڵی دیمەنی جیا جیـا بـە خۆیانەوە دەگرن ، هەر لە شەر و کوشـتن و ماڵوێرانیـەکانی مێـژووەوە بـۆ ئـەو دڵ رەقانـەی کـە ماناکانی جوانی دەژاکێنن . بۆ ئەو دڕندانـەی کـە رازەکـانی عشـق تێناگـەن و هەمیشـە هێلانـەی چۆلەکەیەک وێران دەکەن .

بەڵام باشترین کار وەک چینیەکان دەڵێن : ئەوەیە کە مۆم دابگیرسێنین نـەک بانگەشـەی تـاریکی بکەین .

ئێمە لەم ژیانەدا مەحوکمین بەرامبەر بەو ساتانەی کە تێیدا دەژین ، هەموو کات کارەکتـەرێکی زیندووی ژیانی خۆمانین کە دەتوانین بکارێن و گۆران دروست بکەین ، وە ژیانیش هەموو کـات ، بواری ئەوەی تێدایە کە خەونەکانمانی تێدا بە دی بێنین . لە راستیدا بە هیوا بـوون و گەشـبینی ، بە رازەکانی خۆشبەختی ئاشنامان دەکات ، وامان لێدەکات هەمیشە لە گـوڵ بـروانین نـەک لـە درکەکانی ئەوەتا (جبران خەلیل) دەڵێت :

کەسانی گەشبین سـەیری گـوڵ دەکـەن و درکـەکانی نـابینن ، بـەلام کەسـانی رەشـبین لـە درک رادەمێنن بەڵام گوڵەکان نابینن .